# خۆ بینینەوە

حەمەسەعید حەسەن

**دۆکتۆری ساختە**

ینک بە زەبری پارەیەکی زۆر (کۆسار)ی خوێندکاری قۆناغی چوارەمی کولیژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی فریو دەدات و بە مەبەستی تیرۆرکردنی سەرانی پشتیوانانی ئیسلامی کوردستان بۆ هەورامانی دەنێرێت. هەنووکە ئەو لاوە، کە دوو سێ ساڵی دیکە دەبووە دۆکتۆر، لای پاک زیندانییە و مەرگ چاوەڕێی دەکات.(١)

ئەمە یەکەم جار نییە ینک دۆکتۆر ڕەوانەی مەرگ بکات، ساڵی ١٩٧٩یش دۆکتۆر (بەختیار)ی یادی بەخێر، لە شاخەوە بۆ تیرۆرکردنی (جەمال ڕینگۆ) کە داردەستێکی بەدناوی بەعس بوو، بۆ سلێمانی هەنارد، لێ بە داخەوە، جەمال ڕینگۆ، دوکتۆر بەختیاری کوشت.

یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان سەرانی ینک و من ئەوەیە، ئەوان دۆکتۆر لە نێو دەبەن و من دۆکتۆر دەخوڵقێنم. ئەوە نییە گەلێک لە هەوادارانی ینک بە ئەفسوونی ڕەخنەم بوونەتە دۆکتۆر و لە دوورەوە نەخۆشییە دەروونییەکانم دەستنیشان دەکەن! دەبێت ئەوەش بڵێم، ئەوانەی ینک بە کوشتیان دەدات، دۆکتۆری ڕاستەقینەن، ئەوانەی من دەیانخوڵقێنم، دۆکتۆری ساختەن.

**هێرشی ساختە**

(تەپی سەفا)یش هەر لەو ناوچەیەدایە کە جێی داخە پاک کردوویە بە گۆڕستانی ینک. کە بەرەو هەڵەبجە پردەکەی زەڵم جێ دەهێڵیت، سەرنجی لای چەپی ڕێگاکە بدەیت، گوندی تەپی سەفا کە هەر یەک دوو کیلۆمەتر لە جادەکەوە دوورە، دەبینیت. دەوروبەری چارەکە سەدەیەک لەمەوپێش ماشێنێک کە لە نێوان سلێمانی و هەڵەبجەدا نەفەری دەهێنا و دەبرد، حاجییەکی خەڵکی تەپی سەفا کە لە سەردانی ماڵی خوا گەڕابووەوە، لە سلێمانییەوە دەهێنێتەوە و لە کەناری جادەکە، لە ئاستی تەپی سەفا دایدەبەزێنێت.

دروست لە ئاستی گوندی تەپی سەفا، ناقیلەیەک کە بۆ چاودێریکردنی جموجووڵی پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا، لە کەناری جادەکە دەوەستا، دەستی کۆمەک بۆ حاجی درێژ دەکات و خۆی و کەلوپەلەکانی سەر دەخات و بەرەو گوند بەڕێ دەکەوێت. خەڵکی ئاوایی کە دەبینن وا زرێپۆشەکە بەرەو گوندەکەیان دێت، دەتۆقێن و هەڵدێن. نازانم ئەو حاجییە ناوی ڕاستەقینەی چی بوو؟ بەڵام ئەوە دەزانم، هەر ئەو ڕۆژە خەڵکی گوند ناویان نا: حاجی ناقیلە.

دەشێت ئەوە یەکەمین جار بووبێت، زرێپۆشێک بە مەبەستێکی خاوێن، ڕووی لە دێیەکی کوردستان کردبێت. ئەوی خەڵکی تەپی سەفا، ئەو وەختە زەندەقیان لێی چوو، هێرشێکی ساختە بوو، وەلێ پێ دەچێت پەلامارێکی ڕاستەقینەی پاک بۆ گوندەکەیان بەڕێوە بێت.

**چەپی ساختە**

(حەمەسەعید حەسەن چونکە نووسەرێکە قەڵەمەهەراجکەر، قسەزل، هەلپەرست، هەڵهاتوو، کۆنەپەرست و قەڵەمەکەی بۆ بەهێزکردنی بنکەی کۆنەپەرستی لە کوردستاندا بەگەڕ خستووە، ئەدەبی پێشکەوتووخواز لەوە دڵی ڕەقترە جێگای قەڵەمفرۆشێکی وەک ئەو، لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی خۆیدا بکاتەوە.)(٢)

بنووسی ئەو (قسە جوانانە) کە کەسێک بوو نەکیرە و دەیویست بە هۆی پەلاماردانی منەوە ببێ بە مەعریفە،(٣) کە هاتە تورکیا و داوای کۆمەکی کرد، دەستم بە ڕوویەوە نەنا و نامەیەکم بۆ پشتگیریکردن لێی، بۆ UNHCR ڕەوانە کرد. ئەو هێژایە کە لە هەمان نووسینیدا، ئەورووپا بە (لانەی ڕووخاوە سیاسییەکانی کوردستان) لە قەڵەم دەدات، هەنووکە هێندە لە کوردستانەوە دوورە، ئێمەی ئەورووپانشین لە چاو ئەودا، هەر چەند بستێک لە نیشتمانەوە دوورین.

دە دوازدە ڕۆژێک لەمەوبەر مەلایەک لە ماڵپەڕی کوردستان نێتدا نووسیبووی: (وەفیق سامەڕائی و حەمەسەعید حەسەن دوو ڕووی یەک دراون.) یەکێک لەوانەی بەرپەچی ئەو مەلایەی دایەوە و لە هەمووان شێلگیرانەتر داکۆکی لە هەڵوێستی من کرد، هەر خودی ئەو کەسە بوو، ئەو (قسە جوانانە)ی کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردوون، پێ گوتبووم. جا ناهەقمە بڵێم، چەپ دوو جۆرە: ڕاستەقینە و ساختە.

**نووسەری ساختە**

ئەوی خوێندەوار بێت، دەتوانێت بنووسێت. بەڵام ئەوی چەند لاپەڕەیەکی ڕەش کردەوە، با خۆی لێ نەبێت بە نووسەر، چونکە دەشێت خۆی کردبێت بە گاڵتەجاڕ. کە هەموو کەس نانووسێت، هی ئەوەیە، ئەو خەڵکە هێندە ئاوەز شک دەبەن، خۆیان نەکەن بە کەرەسەی پێکەنین. هەموو خوێندەوارێک دەتوانێت ببێتە نووسەرێکی خراپی وا، شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوە بێت، بەڵام ئەوە زەحمەتە، ببێتە نووسەرێک، شیاوی خوێندنەوە بێن.

نووسەری ڕاستەقینە هانا بۆ درۆ نابات و فێڵ لە هەستی خۆی ناکات، ئەوی دەینووسێت زادەی ئەزموونی خۆیەتی؛ بۆیە خوێنەران، ئامێزی دڵیان بۆ نووسینەکانی دەکەنەوە و وا هەست دەکەن، قسەی دڵی ئەوانی کردووە و هەست و ئەزموونی ئەوانی دەربڕیوە. چاکترین نووسەر، نووسەری ڕاستگۆیە، چاکترین نووسین، ئەو نووسینەیە، خوێنەر خۆی تێدا دەبینێتەوە.

2003. 01. 01

(١) ئاشکرابوونی هەوڵێکی ینک بۆ تیرۆرکردنی سەرانی پاک، ماڵپەڕی ئەنسارئیسلام، ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٨

(٢) ڕوونکردنەوەیەک لە سەرنووسەری (شۆڕشی کرێکاری)یەوە ١٩٩٦/٧/٢٥ سلێمانی.

(٣) نەکیرە: ناشوناس، نەناسراو. مەعریفە: شوناس، ناسراو.